IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

ژمارە : ١٥
بەروار : ٧/٥/٢٠١٤

ژمارە ٥٧
١٤/٥/٧

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سڵاوو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پرۆژەی (یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لەهەرێم) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | تەیمور لطیف محمد | [signature] |
| ٢ | پەریواز فایەق حسین | [signature] |
| ٣ | مریەم محمد عثمان | [signature] |
| ٤ | قادر حمە ئاغا رسول | [signature] |
| ٥ | صباح حسن محمد امین | [signature] |
| ٦ | سعید مەسیحی | [signature] |
| ٧ | د. ایمان عبدالرحمن | [signature] |
| ٨ | دلێر مصطفى | [signature] |
| ٩ | ئالواز حسن سورخان | [signature] |
| ١٠ | گوران ئازاد | [signature] |

(١١) سالار محمود [signature]

(١٢) دەرباز عبداللە رسول

(١٣) جلال احمد عارف

# پرۆژە یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هە رێم

یەکه م :

- ناوی دەستەکە بریتییە لە ( دەستەی کۆچ و کۆچ بەران لە هەرێم) کە سە ر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

- لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پێکهاتە کەی و چۆنییەتی ئە نجام دانی کارەکانی بە ڕێساو ڕێنمایی ڕێک دەخرێت.

دووەم :

- ئە م دەستەیە لە لایەن فەرمانبەرێکی حکومە تە وە بە ڕێوە دەبرێت کە لانی کە م خاوە نی بروانامە ی بەکالۆریۆس بێت و پلە کە شی لە بە ڕەوە بە ری گشتی کە متر نابێت.

-نوێنەری وەزارە تی پلان دانان و فەرمانگە ی پە یوە ندییە کانی دەرەوە ئە ندامی سەرەکی ئەم دەستەیە بن.

-وەزارە تە پە یوەندی دارەکانی ترلە حکومەتی هەرێم هەما هە نگی لە گەڵ ئە م دەستەیە دە کە ن بۆ هێنانەوەی خاوەن توانا و شارە زاییە کان بۆ هەرێم، هەروەها بۆ سود وەرگرتن لە توانای ئەو کەسانەی کە بە نا رە زووی خۆیان دە گە ڕێنە وە بۆ هە رێم.

سێیەم :

- ئە م یاسایە هەمو ئە و کەسانە ئەگرێتە وە کە لە دە رە وە ی هەرێمی کوردستان نیشتە جێن. بە هەر هۆیەک بێ جگە لەو کەسانەی تۆمە تبارن بە ئە نجام دانی کارێکی نا یاسایی.

- هه موو ئه و هاولاتیانه دەگرێته وه كه له گەڵ ره گەز نامەی عێراقی دا هەڵگری ره گه ز نامه ی وولاتێكی ترن وله دەره وه ی عێراق نیشته جێن.

- ئەم یاسایه هەمو ئەو هاولاتیانه دەگرێتەوه كه گه گەراونەتەوه بۆ هەرێمی كوردستان و هەڵگری رەگەز نامەی عێراقین به هەر هۆكارێیک هەرێمیان بەجێ هێشتبێت هۆكاری ئابوری و رامیاری و كۆمەڵایەتی..

چواره م :

- فەرما نگه ی په یوه ندییه كانی دەرەوه و له ڕێگای نوێنەرایەتیه كانی حكومەتی هه رێم دەره وه به شێكی تایبەت به رەوەندی كوردستانی دەكاتەوه، هاو كات به رد ه وام له گەڵ ده سته كه پێ كه وه كار ده كه ن بۆ سود وەر گرتن له تواناكی ره وه ندی كوردستانی له ناو خۆی هه رێم وبه هه ما هه نگی له گەڵ وه زارەتی پلان دانان.

تێبینی :

هه مان با به ت له یاسای وەزاره تی كۆچ و كۆچ بەرانی عێراقی فیدراڵ هه یه سه باره ت به ره وه ندی عێراقی !

پێنجه م :

- حكومه تی هه رێمی كوردستان له ڕ ێگەی فه ر مانگەی په یو ه ندییه كانی دەره و ه و نوێنه رایەتییه كانی حكومه ت له ده ره وه زانیاری دەر باره ی ره وه ندی كوردستانی ئا ما ده ده كات، هاو كات هه وڵ ده دات بۆ چا ره سه ر كردنی ئەو گرفتانەی كه رو به رو یان ده بێته وه له ده ره وه، سه ره رای یاد كرد نه وەی بۆنه نه تەوه یی و نیشتمانییەكان له دەرەوه بۆ ره وەندی كوردستانی.

هه روه ها هاو كاری كردنی رەوه ندی كوردستانی بۆ باشتر كردنی باری ژیان و گوزەرانیان به پێی ڕێ كەوتن نامه نێو دەو ڵەتییەكان به ڕەچاو كردنی پرە نسیپەكانی پەیمان نامەی نەته وه یه كگرتووەكان و ڕێساو عورفه نێو ده وڵه تیەكان و پاراستنی بەرژه وه ندییه كانی هه رێم.

شه شه م :

## كا ره كانی ده ستەی كۆچ و كۆچ به ران بریتییه له :

١- سوود وه ر گرتن له توا نای ڕ ه وه ندی كوردستانی و به ستنەوه یان به هەرێمی كوردستان، بۆ ده سته به ری ئا مانجەكانی په ره پێ دانی كۆ مه ڵا یەتی و ئا بور ی و به رژەوه نده نه ته وه یيه كان ئه ویش به هەمەهه نگی له گەڵ فەرمانگەی په یوه ندییه كانی دەرەوه.

٢- ئاماده كردنی پرۆژەی جیا جیا بۆ خزمەتی ره وەندی كوردستانی له دەرەوه به هەماهەنگی لەگەڵ فەر مانگەی په یوەندییەكانی دەرەوه، ئەویش به پێی ڕێساو یاسا نێو دەو لەتییەكان.

٣- پێشنیار كردنی ڕێگای نوێ بۆ سود وەرگرتن له تواناكانی رەوه ندی كوردستانی هێنا نه وەیان بۆ هه ریمی كوردستان.

٤- ئه نجام دانی كۆڕ و كۆبونه وەی جۆراو جۆر بۆ ره وه ندی كوردستانی به هه ما هەنگی له گەڵ نوێنه رایه تییه كانی حكو مه تی هه رێ م له دەرەوه.

٥- ئه و وو لاتانەی كه نوێ نەرایەتی حكو مەتی هه رێمی لێ نییه ده توانرێت له ڕ ێ گەی نوێ نەرایەتی حكومەتی هه رێم له ووڵا تێكی تر سەر پەر شتی بكرێ.

٦- پاڵ پشتی یه کێتی و یانه و کۆ مه له کوردستانییەکان له دەرەو به ڕێگەی جیا جیا ئەویش به هه ماهەنگی له گەڵ نوێ نەرایه تییەکانی حکومەت له دەرەوە.

٧- دەسته که له گەڵ فەر مانگەی پە یوەندییه کانی دەرەوە و نوێنەرایەتییه کانی حکومەت له دەرەوە هه ماهەنگی دەکات بۆ ئه نجام دانی سەر ژمێرییەکی گشتی ره وه ندی کوردستانی، هاو کات کار دەکەن بۆ مپاراستی زما نو کلتوری کوردی لای رەوەندی کوردستانی له ده ره وه ، ئه ویش له ڕ ێگەی دەز گا کانی را گەیاندن و ئه نجام دانی کۆڕ و کۆ بو نه وەی جۆ را و جۆر..

٨- ڕێکخستنەوەی باری ئابوری و گوزەرانی ئەو پەنابەرانەی بۆ هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە و کارئاسانیان بۆ بکرێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار یان گەرانەوەیان بۆ سەر کاری پێشووی خۆیان.

**هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە:-**

له پێناو پشتگیری کردن و ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی کۆچ و کۆچ بەران له هەرێمی کوردستان به یاسا و هاندان بێت بۆ گەرانەوەی په نا بەرانی هەرێم بۆ ناو هەرێمی کوردستان و سود وەرگرتن له ئەزمو ن و توانای ئەوان له بواره جیا جیا کان دا..

حه و ته م :

- هاو کاری کردنی ئه و کار و پرۆ ژانەی ره وه ندی کوردستانی له کاتی گه را نه وه یان بۆ هه رێمی کوردستان ئه نجامی ده دەن ، ئه ویش له ڕ ێگەی بەخشینی باج و ئاسانکاری بۆیان، که ئەمەش به ڕێنمایی له لایەن سه رۆ کایەتی ئه نجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییەوە ڕێک دەخرێت به رەچاو کردنی بەرز کردنەوەی پلەیان.

هەشتەم : ٨

- گێرانەوەی ئەو کوردستانیانەی کە دە گە ڕ ێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ سەر کارەکانی پێشوو یان لە دامەزراو و دەز گاکانی حکومەتی هەرێم، کە ئە مە ش بە ڕ ێنمایی لە لایەن سەرۆکایەت ئە نجومەنی وەزیران و وەزارەت دارایی و ئا بورییەوە رێک دەخرێت.

نۆیە م :

- ئەنجام دانی کۆنگرەیەکی سالانە بە هەماهەنگی لە گەڵ فەر مانگەی پایوەندییە کانی دەرەوە، بە مە بە ستی خستنە روی ئە و کارانەی کە پێویستە ئە نجام بدرێن بۆ خزمەتی رەوەندی کوردستانی و سود وەرگرتن لە تواناکانیان بۆ خزمەتی بە رژەوەندییە کانی هە رێمی کوردستان.

کۆتایی